# مەنسور حیکمەت کێ بوو؟

(2002 -1951)



**حەمیدی تەقوایی**

**وەرگێڕانی: سالار ڕەشید**

# مەنسور حیکمەت کێ بوو؟

(2002 -1951)

زیندەگی مەنسور حیکمەت، بیرمەند و تیئۆریسینی بەرجەستەی مارکسیست و ڕابەری بزووتنەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە دیرۆکی ئەم بزووتنەوە و حیزبە، لە تەواوی چرکەساتەکان و هەڵچوون و داچوونەکاندا جودا نییە. ئەم نووسراوەیە بیۆگرافی مەنسوور حیکمەت و لە هەمان کاتدا مێژووی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێرانە. یادی بەرز و بەڕێز و ناوی پایەدار بێت!

ژوبین ڕازانی لە حوزەیرانی ساڵی 1951 لە شاری تاران لەدایکبووە، سەردەمی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە تاران بەسەر بردووە و لە زانکۆی شیراز دەرچووی بەشی ئابوری بووە. ژوبین لە ساڵی 1973 بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ لەندەن دەچێت و لەو سەردەمەی کە لە ئینگلتەرە خوێندکاری خوێندنی باڵا بوو، دەستی بە خوێندنەوەی کاپیتاڵ و دانراوەکانی دیکەی مارکس کرد. بیری ڕەخنەگرانە و پڕ لە شۆڕ و هەژانی ئەو، وەڵامی پرسیارگەلە پایەییەکانی خۆی، لەمەڕ شرۆڤەکردنی دنیای نابەرابەر و دژەمرۆیی و ڕێگای گۆڕینی ئەوانەی لە مارکسیزمدا بینییەوە. سیفاتی قوڵی مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازانەی ژوبینی لاو، لەگەڵ ڕەخنەی ڕادیکاڵی مارکس لە سەرمایەداری ئاوێزان بوو. بەم شێوەیە مەنسور حیکمەت و مارکسیزمی مەنسور حیکمەت پەیدا بوون. ئەم مارکسیزمە هیچ جۆرە لێکچوون و نزیکایەتییەکی لەگەڵ مارکسیزمی باودا نەبوو. کۆمۆنیزمی لە تەرزی ڕوسی، چینی، چریکیزم، سۆسیال دیمۆکراتیزم و ترۆتسکیزم گشت، نەک هەر بنەما و خاڵی دەسپێکی ئەو نەبوونە، بەڵکە ئەمانە بۆخۆیان بابەتی کاری ڕەخنەی ئەو بوونە. لە هەمبەر ئەم لێکدانەوە

لادەرانە بۆ مارکسیزم، مەنسور حیکمەت ڕاستەوخۆ لە مارکسەوە دەستی پێ کرد و ئۆمانیزم و ڕادیکالّیزمی بۆ مارکسیزم گەڕاندەوە. مارکسیزمی مەنسور حیکمەت ڕەخنەگری بەردەوامی ناسیۆنالیزم، ئایین، دیمۆکراسی، لیبرالیزم و ڕیفۆرمیزم بوو، هەروەها تەواوی ئەو ڕەوتە چەپانەی، کە بەم تێروانینانە گرفتار ببوون لە تیغی بڕندەی ئەم ڕەخنەیە قوتاریان نەبوو. ئەو چەپەی، کە مارکسیزمی کردبوو بە چتێک بۆ نۆژەنکردنەوەی نیزامێک، کە هەنووکە لە کاردایە، پێش هەموان جێگای ڕەخنەی ئەم مارکسیزمە زیندووکراوەیە بوو.

## شۆڕشی 1979 و سەرهەڵدانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ

یەکەمین نوسراوەی مەنسور حیکمەت، کە ئەمڕۆ بە بەشێک لە کلاسیکی مارکسیستی ئێرانی دەژمێردرێ، بە پرسگەلێکەوە، کە شۆڕشی 79ی ئێران هێنابوویە گۆڕ، پەیوەست بوو. شۆڕش لەنێو شەقامەکاندا ڕەخنەی لە چەپی باو گرت و خستییە کەنارەوە. چریکیزم، ماویزم و خەڵکگەرایی بە شێوەیەکی عەمەلی لە کۆمەڵگا و لە ئەزموونی شۆڕشەوە، ڕەخنەیان لێ گیراو وەدەر نران. وەلێ بزاڤی کرێکاری و چەپی شۆڕشگێڕ پێویستییان بە تیۆری و ئاڵای تیۆری خۆیان هەبوو. یەکەمین نووسراوەی مەنسور حیکمەت وەڵامدانەوەی ئەو پێویستییە بوو. ڕێک لەبەر ئەوە، لەنێو بزووتنەوەی چەپ و لەنێو ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری بە خێرایی نفوزی پەیدا کرد. لق و پۆ هەمەجۆرەکانی چەپی باوی ئێران هەر هەموو، هەر لە حیزبی تودەوە، تا بە ڕێکخراوگەلی سەر بە ڕێبازی چریکی و ڕێکخراوگەلی هەمەجۆرەی ماویستی ئەگات، نوێنەرایەتی جۆرێک نارەزایەتی، لە مەڕ دواکەوتوویی و ناکامڵی سەرمایەداری ئێرانییان دەکرد، تەنانەت کار گەییشتبووە ئەوەی، کە بڕێک لەوانە، ئابووری ئێرانیان بە فیئۆداڵی و نیمچەفیئۆداڵ_ نیمچەکۆڵۆنی لە قەڵەم دەدا و پێیان وا بوو، کە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازە. لە ڕوانگەی ڕێکخراوگەلی وەک حیزبی تودە یان چریکە فیدائییەکانیشەوە، کە بڕوایان



بە سەرمایەدارییبوونی نیزامی ئێرانی هەبوو، بەشێک لە بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی، پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ بە ژمارە دەهاتن. سەرجەم ئەم ڕێکخراوانە، بەدەر لە جیاوازییەکانی نێوانیان، نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکیان دەکرد، کە ئەوپەڕەکەی نارەزایەتییان لە کەموکوڕی و ناکامڵییەکانی سەرمایە، نەک خودی چەوسانەوەی سەرمایە هەبوو. لە ڕاستیدا هێزێک، کە بە نێوی مارکسیزمەوە لە ئێراندا کاری دەکرد، هەروەکوو دواتر مەنسور حیکمەت لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئاماژەی پی کردووە، بەشی چەپی بزووتنەوەی میللی_ ئایینی دژی پاشایەتی بوو، کە بەستەگی بە بزاڤی کرێکاری و ڕەخنەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە سەرمایەدارییەوە نەبوو. ئەم واقیعەتە نەک هەر بە تەنها لە نابەستەگی ئەوانە بە سۆسیالیزم و ڕەخنەی کۆمۆنیستی لە سەرمایە و چەوسانەوە، بەڵکە لە تەواوی مەیدانەکان و لە هەڵسوکەوت لە تەک مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، کە بە هۆی ڕەوشی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگاوە بە وێنەی مەسەلەی ڕۆژ خۆی قوت ئەکردەوە و سەرنجی مرۆڤی بۆ خۆی ڕادەکێشا، بە ڕۆشنی دەبینرا. ئەم چەپە لە پەیوەست بە ماف و داخوازییە سەربەخۆ کرێکارییەکان، ئازادیی حقوقی و مەدەنی لە کۆمەڵگا، ڕزگاریی ژنان، ڕەخنە و بەرامبەرکێ لە گەڵ ئایین و ناسیۆنالیزم و تەنانەت لە بارەی ئەو داواکاری و خواستانەوە، کە پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی تێکڕای خەڵکەوە هەبوو، قسەیەکیان پێ نەبوو. ئەگەرچی گرفتی ئەم چەپە تیۆر و تێڕوانین نەبوو، بەڵکە ئامانج و ئاسۆی کۆمەڵایەتی سیاسی تەواو ناکرێکاری ئەوان بوو. بەم جۆرە مارکسیزم لە ئێران، دەبوو لە دەسپێکی کاردا، حیسابی تیۆری خۆی لەگەڵ ئەم بەشەی چەپ لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیست_ ئایینی دژی شا یەکلا بکاتەوە. بۆ سازماندانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری لە ئێران، سەرەتا دەبوو مارکسیزم لەژێر داروپەردووی سیاسەت و ئامانجی چینەکانی دیکە دەربهێنرێت. ئیدی ئەم کارە، لەو دەمەوەی، کە چینی کرێکار پێی خستە نێو مەیدانی شۆڕشێکی مەزنەوە، بووە پێویستییەکی فەوری و هەنووکەیی.

بزاڤی کرێکاری لەنێو دڵی شۆڕشێکدا، تیۆر و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی گەرەک بوو، دەبوو مارکسیزم و کۆمۆنیزم بۆ بزووتنەوەی کرێکاری بگەڕێنرێنەوە، مەنسور حیکمەت وەڵامی ئەم پێویستییە مێژووییەی دایەوە. مەنسور حیکمەت لەو نووسینانەی، کە لە نێوان ساڵەکانی 78_ 82 بڵاوبوونەوە، بە شێوەیەکی ڕەوان و تەبا و وردبینانەی سەیر، ئاماژەی بەوە کردووە، بۆرژوازی میللی پێشکەوتنخواز ئەفسانەیەکە و تێکڕای چینی سەرمایەدار لە ئێران لە دیکتاتۆرییەتی شا، کە بوون و پێویستی خۆی لە وەدەرهێنانی زێدەبایی لە چینی کرێکاری ئێراندایە، سوودمەندن. ئەو سەلماندی، کە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە و نیشانی دا، کە مەسەلەی ئازادی و ڕزگاری لە کۆمەڵگای ئێران بە تێکۆشانی کرێکاران لە هەمبەر نیزامی سەرمایەداری گرێی خواردووە. هەروەها ئەوەی ڕۆشن کردەوە، کە بۆچی هێزگەلی ئایینی و لیبراڵ ئایینی و ناسیۆنالیستی ناتوانن و نایانەوێت ئازادیخواز بن. مەنسور حیکمەت لە نووسراوەکانیدا، مانای ڕزگاری و ئازادی و بەرابەری شرۆڤە کرد و ڕێگای گەیشتن بە وانی ئاماژە پێ دا. نووسراوەکانی ئەو لەو دەورەیەدا، بە تایەکاری نووسراوەکانی، "ئەفسانەی بۆرژوازی میللی پێشکەوتنخواز لە ئێران"، "دورنمای فەلاکەت و تیۆری مارکسیستی قەیران"، "سێ سەرچاوە و سێ بەشی سۆسیالیزمی خەڵکی"، دەسگای تیۆری چەپی ناکرێکاری ئێرانی تێکوپێکدا و بنکاری سیستەمێکی تەبا و ڕادیکاڵی مارکسیستی دامەزراند، کە بە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناوی دەرکرد. گوتارە سیاسییەکانی مەنسور حیکمەت لەو قۆناغەدا وەکوو، "دوو باڵ لە شۆڕشی چەواشەی بۆرژوا ئیمپریالیستیدا"، "ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی سۆسیالیزمی خەڵکی"، "جەنگ، تیۆری و تیۆری جەنگ" و "پۆپۆلیزم لە بنبەستدا" لە ڕاستیدا بەکاربردنی ئەو تیۆرانەیە لە ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی ئیسلامی تازە بە دەسەڵاتگەییشتوو و سیاسەتی ناپێگیر و سازشکارانەی چەپی باو لە دژی. ئەم نووسراوانە زمان و ئاڵای کرێکارانی سۆسیالیستە لە جەرگەی شۆڕشێکدا، کە چینەکانی



دیکە، ئەوانەی لە دەوڵەتی تازەبەدەسەڵاتگەییشتوو و ئۆپۆزیسیۆنی ساردوسڕی ناکرێکاریدا، بە تاڵان بردیان.

نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت ڕۆشن و تەبا و قوڵ و بڕندەیە، داڕشتنی ڕوون و زیندو و ڕەوانە، لە هەمان کاتدا لەسەر قوڵترین و موجەڕەدترین مەسەلەی تیۆری بە شێوازێکی سادە و لێکهەڵپێکراو و قابیلی تێگەییشتن، قسەی کردووە. هەروەها شێوازی داڕشتنی نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت بە وێنەی ناوەڕۆکەکانیان، لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێراندا بێوێنە و بەرجەستەن.

لە سەردەمی شۆڕشدا، کۆمەڵگای شۆڕشگێڕانە و پڕ لە پێکدادانی ئێران، بە توندپێچ و خاڵی وەرچەرخانی زۆردا تێپەڕی و لە هەر بارێکدا کۆنەپەرستی ئیسلامی، کە بە نێوی شۆڕشەوە بە دەسەڵات گەییشتبوو، هەنگاوێکی دیکەی بۆ سەرکوتی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی هەڵدەنا. هێزگەلی سیاسی چەپی باو و ناسیۆنالیستی ئایینیی دەرەوەی حکومەتیش هەریەکەیان بە پلەیەک داکۆکییان لە حکومەتی نوێ دەکرد، وەیان لە هەر بارێکدا لە بەرامبەری نەدەوەستانەوە. لەم بار و دۆخەدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕی مەنسور حیکمەت دەربڕ و نوێنەری سیاسی و تیۆری شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری بوو. سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ جەنگی ئێران و ئێراق، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئێران، بزووتنەوەی تورکمان سەحرا، بزووتنەوەی کوردستان، هێرشی ڕژێم بۆسەر ژنان، بۆسەر کرێکارانی بێکار، بۆسەر زانکۆکان و شورای کرێکاران، سەبارە بە ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی ڕژێم، لێکدانەوەکانی مەنسور حیکمەت لەم بارانەوە، ڕاستییەکانی شی دەکردەوە و ڕێگای تێکۆشانی بە کرێکاران و هێزە شۆڕشگێڕەکان نیشان ئەدا. لە ڕاستیدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، خاڵی بەیەکگەییشتن و بەرئەنجامی ڕەخنەی بڕندەی مارکس لە سەرمایەداری و پرسگەلی جۆراوجۆری شۆڕشێکی زیندوو لە ئێرانە.

وەلێ بایەخ و ڕۆڵی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ تەنها بە ئێرانەوە ناوەستێ. تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت بۆ ئەو ڕەوتە مارکسیستانەی کە لە ئاستی جیهاندا بوونیان هەیە، بە تەواوەتی تازە و پەرچەڕەوتیشە. ڕەخنەگرتن لە پۆپۆلیزم لە ئێران بە تەنها سیستەمی فکریی جەمسەرە جیهانییەکانی ئەوانە واتە، کۆمۆنیزمی ڕوسی، چینی و ڕێبازی چریکی ناکوتێتەوە، بەڵکە ڕێگای خستنەڕووی خاڵە ئیسپاتییەکانی خۆت، جەختکردنەوە لە سەر سۆسیالیزم و بە تەوەرەکردنی ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداری، ڕەوتگەلی وەکوو ترۆتسکیزم و سۆسیال دیمۆکراسی، کە لە ئێران نوێنەرایەتی نەدەکران، بەر ڕەخنە دەکەوون. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی مەنسور حیکمەت لە گۆشەنیگای ڕەخنەی کرێکار لە سەرمایە، لە پرسگەلی کۆمەڵگا و شۆڕشی ئێرانی دەکۆڵییەوە، هەر بۆیە خەسڵەتێکی جیهانی هەیە. مەنسور حیکمەت بە تەنها هەر لە سەرمایەداری لە ئێران ناڕازی نەبوو، بەڵکە ئەو ڕەخنەگری سەرمایەداری لە پێشکەوتووترین شێوازی خۆی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکاشە و ئازادی و بەرابەری و ڕزگاری، کە ئەو بۆ کرێکاران و خەڵکی ئێرانی گەرەک بوو، ئومێدی کرێکارانی تەواوی دنیایە. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە فارسی و سەبارەت بە شۆڕشی ئێران نووسراوە، وەلێ مارکسی بۆ دیرۆکی هاوچەرخی جیهان گێڕایەوە. هەڵوێست، میتۆد و کرۆکی ڕەخنەی مەنسور حیکمەت، بەدەر لەوەی لە بارەی چ بابەتگەلێکەوەیە، تێڕوانینەکانی ئەوی بە جیهانی کردەوە.

## مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە مەیدانی خەباتی عەمەلیدا

مارکسیزمی شۆڕشگێڕ تەنها یەک ڕەوتی فکری نەبوو. شانبەشانی بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی مەنسور حیکمەت و هەر لە هەنگاوی یەکەمدا، سازماندەیی و دەخاڵەتی عەمەلی لە تێکۆشان و ئاڵوگۆڕە یەک لە دوای یەکەکانی کۆمەڵ، کەوتە نێو بەرنامەی کاری مەنسور حیکمەت و هاوڕێیانی خەباتکارییەوە. سەرەتا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، لە ساڵی 1979 ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستی بە نێوی "سەهەند" و پاشان ڕێکخراوی



"یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"یان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە ئۆرگانێکی بە نێوی "بسوی سۆسیالیزم" (بەرەو سۆسیالیزم)ەوە دەرئەکرد و بە بڵاوبوونەوەی تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت لەم ئۆرگانەدا، پێشڕەوترین شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوانی بزاڤی کرێکاری، بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە پەیوەست بوون. هەڵسوڕان و کەوتنە نێو خەباتی کرێکارانی بێکار و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەک لە دژی بێکاری، نارەزایەتی لە بەرامبەر سنورردارکردنی ئازادییەکان، کە کۆنەپەرستیی تازە بە بەدەسەڵاتگەییشتوو دەستی پێ کردبوو، وە تەرحکردنی داخوازی ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی، لە چەپی باوی جیا دەکردەوە، کە ئازادییان تەنها بۆ "خەڵک" دەویست، داکۆکی لە مافی ژنان لە هەمبەر بە تۆپزی سەپاندنی چارشێو لە لایەن ڕژێم و لە هەمبەر ئەو هێزە چەپانەی، کە پشتگرتنی نارەزایەتییەکانی "ژنانی باکوری شار"یان بە شایان نەدەزانی، پێکهێنانی ئەڵقەی فێرکاری کاپیتال لە نێو ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری، چەسپاندنی بزووتنەوەی شورایی و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاری لە کارخانەکان، لە یەکەمین هەڵسوڕانە عەمەلییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە.
پێویستیی بوونی بەرنامە و دامەزراندنی حیزب کارێک بوو، کە یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خستییە نێو دەستوری کاری خۆیەوە. لایەنێکی کۆششی یەکێتی تێکۆشەران لەم قۆناغەدا، تێگەیاندنی ڕێکخراوە چەپەکان بوو، سەبارەت بە بایەخ و جێ و شوێنی بەرنامە، کە هیچکامێکیان گەرەکیان نەبوو، وە نەیاندەتوانی ئامانج و سیاسەتەکانی خۆیان لە قاڵبی بەرنامەیەکدا ڕابگەیەنن. لە ساڵی 1980 مەنسور حیکمەت بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست دەنووسێتەوە، کە دواتر لە ڕاگیرییەکدا تێکڕای ئەندامان بە ناونیشانی بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە بڵاوکرایەوە. لەم بەرنامەیەدا ئامانجی سۆسیالیستی چینی کرێکار، تایبەتمەندی و شێوازی دەوڵەتێک، کە دەیانەوێت و خواست و

داواکاریگەلێک، کە کرێکاران بۆ خۆیان و بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایان گەرەکە، ڕاگەیاند.

یەکێک لە لایەنە جیاکەرەوەکانی دیدگا و شێوازی بیری مەنسور حکمەت تێڕوانینی ئەو بۆ مەسەلەی ڕیفۆرم و شۆڕش و پەیوەندی نێوان ئەو دووەیە. ئەو شۆڕشگێڕێکی ئامانجدار و کۆڵنەدەر بوو، سازانی قبوڵ نەبوو، گەرەکی بوو، کۆمەڵی سەرمایەداری لە ڕیشەوە بگۆڕێ و مرۆڤایەتی لە تەواوی لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕزگار و ئازاد بکات. لە هەمان کاتدا پراتیسین و ڕابەرێکی عەمەلی وەها بوو، کە بەها و گرنگی گچکەترین ئاڵوگۆڕ و چاکبوونی لە ژیانی مرۆڤدا درک دەکرد و بۆ بەدەستهێنانیان خەباتی دەکرد. لە سیستەمی فکریی مەنسور حیکمەت و مارکسیزمەکەی، نەک هەر دژایەتییەک لە نێوان خەبات بۆ ڕیفۆرم و شۆڕش لە ئارادا نییە، بەڵکە ئەو دوو شتە، بە دوو ڕووی یەک خەبات حیساب دەکرێن. ئەو ڕەخنەی لەو مارکسیستانە هەبوو، کە یان وەکوو ڕەوتی ناسراو بە چەپی ئیتالیا، کە لەبەر پەڕگیری "شۆڕشگێڕانە"ی خۆی گشت ئاڵوگۆڕێک لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە نەشیاو دەزانێت و خۆی بە خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکارەوە "ئالودە" ناکات، وەیان بە وێنەی سۆسیال ڕیفۆرمیستەکانی ئەوروپا، کە بە تەواوی دەستیان لە سۆسیالیزم شۆردووە و تەواوی ئاسۆ و هیوای خۆیان لە ئاستی ڕیفۆرمدا دەبینن. ئەو مارکسیستێک بوو، لە جۆرێکی دی. ئەو لە هەمان کاتدا، کە خوازیاری ڕماندنی نیزامی سەرمایەداری بوو، خوازیاری هەرچی باشتربوونی دۆخی کرێکاران و تێکڕای خەڵکی لە هەمان نیزامدا بوو. لە نووسراوەکانی مەنسور حیکمەت و هەر لە سەرەتادا، وە بە دیاریکراوی لە بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و لە تێکڕای ئەو بەرنامە حیزبییانەی کە پاشتر نووسیونی، ئەم جۆرە لە تێڕوانین لە مەڕ ڕیفۆرم و شۆڕش بە شێوەیەکی زەق بەرچاو دەکەوێت. لە بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا، شانبەشانی ڕاگەیاندنی لەنێوبردنی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزم بە ناونیشانی ئامانجی دەسبەجێی کۆمۆنیستەکان،



خواستی زیادکردنی کرێ و مافی خانەنشینی و باخچەی ساوایان لە کارخانەکاندا، تا دەگات بە مافی پێدانی خانوو و بیمەی بێکاری و مافی بەرابەر بۆ ژنان و دەیان خواستی دیاریکراوی دیکە بۆ کرێکاران و ژنان و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ تەرح کراوە و ڕاگەیەنراوە. بەرنامە، تەرحی مەسەلەی تێکۆشان بۆ ئەم خواستانە چ لەو ڕووەوە، کە بار و دۆخی زیندەگی خەڵک باش دەکات و چ بە ناونیشانی پێشمەرجی پێویست بۆ خۆشکردنی خەباتی چینی کرێکار لە پێناوی سۆسیالیزمدا، بە پێویست دەزانێ. ئەم هێڵەیە، کە تا دەگات بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەر درێژەی هەیە.

بڵاوبوونەوەی بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەران، سەرنجی گشت لایەک بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ڕێکخراوە چەپەکان لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە، ئەو بەرنامەیە بە ناونیشانی بەرنامەیەکی "ڕیفۆرمیستی" ڕەت ئەکەنەوە، وەیان وەکوو بەرنامەیەکی چەپڕەوانە و ترۆتسکیستی لێیان دەڕوانی. وەلێ لەنێو پەیکەرەی ڕێکخراوەکان و لەنێو هەڵسوڕاوانی چەپدا، بەرنامە بە خێرایی شوێنی خۆی کردەوە. هەر لەو دەمەدا یەکێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی ئیسلامی ئاماژەی بە ترسناکیی بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەران، وەک بەرنامەی یەکێک لە "گروپەکانی دژی شۆڕش"، کە بەڵێنی داخوازی "خەیاڵی و غەیرە عەمەلی" بە خەڵکی ئەدات و ئاستی چاوەڕوانییان بەرز دەکاتەوە، کردووە. نیگەرانییەکەی ڕێک لە جێی خۆیدا بوو. ئەمڕۆ چەمکگەلی ئەو بەرنامە ترسناکە بۆ وێنە، ئازادیی بێ قەید و شەرتی سیاسیی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و جیایی دین لە دەوڵەت، بووە بە خواستی گشتی خەڵک و بگرە بەشێکی زۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش. ئەمڕۆکە، بەشێکی بەرنامەکەی مەنسور حیکمەت ئاڵای تێکۆشانی خەڵک لە هەمبەر کۆماری ئیسلامییە.

پێ بە پێی گەشەکردن و نفوزی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی چەپدا، لە نێو ڕێکخراوە چەپەکان، بە دیاریکراوی پەیکار، ڕەزمەندەگان و فیدائی، فراکسیۆنی لایەنگری یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست دروست دەبێت. بەڵان خاڵی وەرچەرخان لە پەرەگرتنی

مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، ڕووهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)، کە ڕێکخراوێکی جەماوەری و دەرگیری فراوان لە خەباتی چەکدارانە و نارەزایەتییەکانی خەڵکی لە کوردستاندا، بۆ ئەو تیروانینانە بوو. کۆمەڵە لە پراتیکی هەمووڕۆژەیدا و لە ڕەفتارکردن لەگەڵ پرسگەلێکی دیاریکراو، کە تێکۆشانی جەماوەری لە کوردستان دەیهێنایە پێش، هەستی بە ناتوانایی و نەزۆکی تێڕوانینی پۆپۆلیستی دەکرد و ڕێگای پێشرەوی خۆی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا دەبینییەوە. گوایە، نووسراوەی "بزووتنەوەی جوتیاران لە دوای چارەسەری مەسەلەی زەوی لە ئێران" و "ئەفسانەی بۆرژوازی میللی پێشکەوتنخواز"، بۆ وەڵامدانەوەی گرفتەکانی شۆڕشگێڕانی چەپ لە کوردستاندا نووسراونەتەوە. کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لە نیسانی ساڵی1981، بە شێوەیەکی فەرمی تێڕوانین و ڕێبازی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستی قبوڵ کرد. چەند مانگێک لەوەو دوا، چەند کەسێک لە ڕابەرانی ئەو دەمەی کۆمەڵە لەگەڵ ڕابەرانی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە تاران چاویان بە یەک دەکەوێت و لە هاوینی هەمان ساڵدا، مەنسور حیکمەت، کە تا ئەو دەمە ئەو ناوەی بۆخۆی هەڵنەبژاردبوو، وە لە نێو ڕیکخستندا بە نادر ناسرابوو، دەچێتە کوردستان و دەرگیری باسە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە دەبێت. ڕابەران و کادرەکانی کۆمەڵە بە زوویی درکیان بەوە کرد، کە ئەم لاوە پاک و گاڵتەچی و بێفیزە، بە نادر ناودەبریت، نەک هەر بە تەنها لە مەیدانی تیۆری، بەڵکە لە مەیدانی سیاسەت و وەڵامدانەوە بە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوە لە کوردستانیش خاوەنی تێڕوانینی پێشرەو و تازە و ئاڵوگۆڕبەخشە. لە هەمان ساڵدا، جارێکی دی دەچێتەوە بۆ کوردستان. وە لە نیسانی ساڵی 1982، لە گەرمەی هێرشی فراوانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شۆڕشگێڕانی چەپ، ڕابەرانی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بڕیار ئەدەن، کە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بچن.

24ی ئابی ساڵی 1981، لە پەیوەند بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە گشتی و بزووتنەوەی چەپی ئێران بە تایبەتی، خاڵی وەرچەرخان بوو. ڕژێمی



تازەکار، کە تا ئەو دەمە توانای پاشەکشەپێکردن و بە شکستهێنانی تەواوەتی شۆڕشی نەبوو، دەستی بە شاڵاوێکی سەرکوتگەرانەی فراوان و دڕندانەی وەها کرد، کە لە مێژووی هاوچەرخدا، لە ڕووی ڕادە و دڕندەییەوە بێوێنە بوو. ئەم سەرکوتە، ڕەوتی گەشە و بڵاوبوونەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا وەستان. لە سایەی شۆڕشەوە، لە ماوەی نێوان شوباتی ساڵی 1979 هەتاوەکوو 24ی ئابی ساڵی 1981، بە کردەوە، کەش و هەوایەکی کراوە و بار و دۆخێکی نیمچە دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە، کە لە کۆمەڵگادا زەمینەی بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت خۆش کرد و بواری بۆ کردەوە، تا لە دەوری خۆی هێز خڕ بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەر لەو کاتەدا، چەپی باو بەرەو پوکانەوە دەچوو. حیزبی تودە، زۆربەی ڕێکخراوی فیداییان، ماویستە سێ جیهانییەکان و ترۆتسکیستەکان بە ڕژێمەوە پەیوەست دەبن و لە کەناری ئەم باڵ یان ئەو باڵی سەرکوتگەری ڕژێم دەگیرسێنەوە. هێزگەلی هێڵی سێ لە چەشنی ڕەزمەندگان و پەیکار دوچاری قەیران دێن و هەروەها کۆمەڵەش، بە بنبەست دەگەن. پۆپۆلیزم بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە، نەزۆکی خۆی بە ئاشکرا بە هەموان نیشان دا و لە نێو سەرجەم بزووتنەوەی چەپی شۆڕشگێڕانەی ئێراندا، ڕێگا بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کرایەوە. شاڵاوی سەرکوتگەرانەی 24ی ئابی 81 ئەم ڕەوەندە دەوەستێنێ و پرۆسەی بنیاتنانی حیزب بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاڵۆزتر و درێژتر کردەوە. بەڵام نەیتوانی ڕێگای پێشرەوی لێ ببەستێ. ئەم ڕێگایە بە کوردستاندا دەگوزەرێ، کە تاوەکوو ئەو دەمە ستەم و سەرکوت خۆیان نەگرتبوو، وە شۆڕشیش هەر بەردەوام بوو.

لەو قۆناغەدا، یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست دەست بە بڵاوکردنەوەی ئۆرگانێکی سیاسی بە نێوی "کارگەری کۆمۆنیست"ەوە دەکات و بۆ یەکەمین جار، لە ژمارە چواری ئەو بڵاوکراوەیەدا، ناوی مەنسور حیکمەت لە چاوپێکەوتنێکدا، سەبارەت بە پێداویستییەکانی دامەزراندنی حیزب، دەکەوێتە ناوانەوە. وتار و نوسراوەکانی مەنسور حیکمەت تا ئەو دەمە،

هەروەکوو چۆن لەنێو چەپی ئێرانیدا باو بوو، بە بێناو بڵاو دەبوونەوە. بڵاوبوونەوەی وتار بە ئیمزای نووسەرەکەی، یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ڕەخنەی مەنسور حیکمەت لە شێوازی کاری چەپی باو، کە ڕابەرەکانیان هەمیشە بێناو و نەناسراو بوون. مەنسور حیکمەت لە سەروتاری بڵاوکراوەی بسوی سۆسیالیزم (دەورەی یەکەم)، ژمارە 5ی شوباتی ساڵی 1982دا دەڵێت، ئەم نەناسراوی و چارەوونییەی، کە لەنێو چەپدا باوە، ناتوانێت ببێتە شێوەکاری حیزب و بزووتنەوەکەی ئێمە. ئەو ئەیگوت، ڕابەران و بیریاران و نووسەرانی بزووتنەوەکەی ئێمە دەبێ بناسرێن، تا بتوانن شێوە و شکڵ بە هێڵێکی فکری و سیاسی دیاریکراوی وا بدەن، کە لە لایەن ڕێکخستن و کۆمەڵگاوە، قابیلی ڕەخنە یان قبوڵکردن بێت. ئەو ڕابەری پشت دەرگا داخراوەکانی ڕەتئەکردەوە و ئەیگوت، چینی کرێکار دەبێ، ڕابەرانی خۆیی و ڕابەرانێک، کە دژی ئەوە، بناسێت. ئەم باسە لە ڕاستیدا، بەشێکە لە باسێکی کامڵ و هەمەلایەنەتر "حیزب و کەسایەتییەکان"، کە مەنسور حیکمەت لە پاش 15 ساڵ ئەیخاتە ڕوو.

## دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

حیزبایەتی (تەحەزوب) و بنیاتنانی حیزب مەسەلەیەکە، کە مەنسور حیکمەت و یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست هەر لە دەسپێکی هەڵسوڕانی خۆیانەوە وەک پێویستییەک لەبەرچاویان گرتووە و جەختیان لەسەر کردووە. لە دەزگای فکریی چەپی ناکرێکاری، دامەزراندنی حیزب، هەروەکوو گەلێک دەستەواژەی دیکە و مەسەلەگەلی عەمەلی مارکسیستی، دەبێتە گرفتێکی بێچارە. ئەم چەپە هەر لە بنەڕەتەوە گەرەکی نییە حیزب بنیات بنێ، تیۆرەکانیشی لە ڕاستیدا، ڕوانگەگەلێکن بۆ پاساودانی ئەوەی، کە بۆچی لە هەر بار و دۆخێکدا ناکرێ و نابێت حیزب دابمەزرێنرێت. وەلێ بە لای یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە، ڕۆنانی حیزب کارێکی دەستبەجێ و دەمودەست بوو.



لە پاییزی ساڵی 1982، کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان هاتە گرێدان. لەم کۆنگرەیەدا مەنسور حیکمەت ڕەخنەی خۆی لە پۆپۆلیزم لە مەیدانی پراتیک و شیوازی کاردا دەخاتە ڕوو، وە بنکار و بناغەی شێوازی کاری کۆمۆنیستی شرۆڤە دەکات. ئەمە لە واقیعدا، لایەنگیری عەمەلی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بۆ پێکهێنانی حیزب بوو. هەر لەو دەمەدا، مەنسور حیکمەت پێشنووسی بەرنامەی حیزب، کە لە لایەن دوو ڕێکخراوەوە، یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و کۆمەڵەوە پەسەند دەکرێت، دەنووسێتەوە.
لە سیمینارێکدا، کە دواتر بە "سیمیناری باکوور" ناو دەرئەکا و لە زستانی ساڵی 1982 لە کوردستان دەبەسترێت، مەنسور حیکمەت تێزەکانی خۆی لەمەڕ تیۆری حیزب و ڕێگای دیاریکراو بۆ دامەزراندنی ئەو حیزبە، لە بار و دۆخی دیاریکراوی چەپی ئێراندا ڕادەگەیەنێت. ئەو لەم تێزانەدا، تێڕوانینەکانی چەپی باو وەکوو، "تیۆری پەیوەند"، دەداتە بەر ڕەخنە و حیزبی کۆمۆنیست وەک سیمای سەربەخۆی هەمە لایەنەی چینی کرێکار، لە ڕووی تیۆری و سیاسەت و پراتیکەوە دەناسێنێت و ڕایدەگەیەنێت، کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکارێت و دەبێت، حیزب بهاوێتە نێو دەستوری کاری دەمودەستی خۆیەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم بنەمایە و بەم ئاسۆیەوە دادەمەزرێت.
لە ئەیلولی ساڵی 1983دا، یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) و کەسان و فراکسیۆنگەلی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕێکخراوەکانی دیکە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکدەهێنن. ئەمە هەنگاوێکی مێژوویی و یەک خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسسازە لە مێژووی چەپی ئێراندا. چینی کرێکاری ئێران بۆ یەکەمجار بە حیزبێک چەکدار دەبێت، کە ئامانج و بەرنامەی سەربەخۆی ئەو نوێنەرایەتی دەکات و سۆسیالیزم ئامانجی فەوری ئەوە. بە شێوەیەکی دیاریکراو و لە هەلومەرجێکی تایبەتیشدا، کە حیزبی تێدا دادەمەزرێت، ئەمە بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و تەواوی بزووتنەوەی چەپ،

پێشڕەوییەکی گەورەیە. لە هەلومەرجێکدا، کە سەرکوتی دڕندانەی شۆڕشگێڕان لە دوای 24ی ئابی ساڵی 1981 مەیدانی لە بەردەم کۆمۆنیستەکان لە شارەکانی ئێران بەرتەسک کردەوە و ئاسۆیەکی تاریک و نوتەکی خستە بەرچاویان، مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران نەک هەر تێکنەشکا، بێدەنگ نەبوو، پاشەکشەی نەکرد، بەڵکە بە دامەزراندنی حیزب لە کوردستان، دەڤەرێک، کە هێشتا شۆڕش تێیدا بڵێسەی ئەدا، دەستی بە بەربەرەکانێکردن کرد و مەیدانێکی بەربڵاوی بۆ تێکۆشانی خۆی کردەوە.
خودی دامەزراندنی حیزب و هەواڵی پێکهاتنەکەی، شەپۆلێک لە ئومێد و دڵگەرمی و بڕوابەخۆبوونی لە نێو چەپ، کە لە سەرتاسەری ئێران، لەژێر تیغی ئیعدام و زیندان دەیناڵاند، دروست کرد. تەنانەت لە کونی زیندانەکان، کۆمۆنیستەکان و شۆڕشگێڕان دەهێنێتە شادی و پێکهێنانی حیزب لە یەک دی، پیرۆز دەکەن. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە دامەزراندنی حیزب، قۆناغێکی نوێی لە مێژووی چەپی ئێراندا هێنایە کایەوە و ژیانی دووبارەی بە شۆڕشگێڕانی چەپی ئێران بەخشی.
لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، مەنسور حیکمەت لە هەر زەمینەیەکدا، لە خەباتی چەکداری و سیاسییەوە بیگرە، هەتا بە تەبلیغات و پەیوەندی نێوان هێز و حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەگات، قسەی نوێ و پێشڕەوانەی هەبوو. لە تێکۆشانی نێو شارەکان و ڕێکخستنی کرێکارانەوە هەتا ناساندنی ئامانج و قۆناغی تێکۆشانی چەکدارانە لە لادێکان، لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەوە، تا گەشتە سیاسی و سەربازییەکان، تا پێویستی و ڕێگای گەشەپێدانی زیندەگی گوندنشینان لە ناوچە ئازادەکان، تا مافی بەرابەری ژنان لەنێو ڕێکخستنەکان و سازدانی ژنان لەنێو هێزی پێشمەرگە، ناوەڕۆکی ئەو بڕیارنامە و نەخشەکارانەن، کە مەنسور حیکمەت تەرحی ئەکردن و لە دەستوری کاری حیزب دای دەنان. لە بەیاننامەیەکدا بە نێوی، "مافە سەرەتاییەکانی زەحمەتکێشان لە کوردستان"، مەنسور حیکمەت هێڵە گشتییەکانی خواست و داواکارییە یاسایی و خۆشگوزەرانییەکانی خەڵکیی لە کوردستان ڕادەگەیەنێت. بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە، هەنگاوێکی دیکە



لە ڕەخنەی عەمەلی لە نەریتی خەباتی ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بوو. نەریتگەلێک، کە تیایدا ماف و داخوازییەکانی خەڵک هیچ بایەخێکی نەبوو.
خاڵێکی دیکە، کە ڕەنگە بۆ خوێنەرانی ئاسارەکانی مەنسور حیکمەت کەمتر ئاشکرا بێت، ڕۆڵی بەرجەستە و یەکلاکەرەوەی ئەو لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەیە. مەنسور حیکمەت بە تیژبینی و ڕۆشنبینی تایبەتی خۆی، نەریتگەلی ناسیۆنالیستیی خەباتی چەکداری لە کوردستان بە قوڵی دەداتە بەر ڕەخنە و ستراتیژی شەڕی چەکدارانە لە کوردستان، لە پاڵ سازماندان و ڕابەریی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لە شارەکان، بە وێنەی بەشێک لە سەرجەم تێکۆشانی حیزب دەناسێنێ و ڕۆشن دەکاتەوە. ئەو هێزی پێشمەرگە بە بازوی سەربازیی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان دەبینێ و پێناسە دەکات. تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە لە گەلێک لایەنەوە، کە شێوەگەلی باوی خەبات بە بنبەست دەگات، کارساز و پێشڕەوانەیە. ڕێنوێنییەکانی ئەو لە کۆنگرەی 5ی کۆمەڵە لە ساڵی 1985 یەکێکە لەو نموونانە، ئەویش لە بار و دۆخێکدایە، کە مەیدانی خەباتی چەکدارانە ئێجگار بەرتەنگ بووەتەوە و شێوازگەلی باوی خەباتی چەکدارانە جگە لە سەرچڵی وەیان پاسیڤیزم هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا بۆ نەمابووەوە. ئەو هات، تاکتیکی سەربازیی عەمەلیی واقیعبینانە و پێشڕەوانەی لە بەردەم کۆمەڵە دانا.
یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی مەنسور حیکمەت، کە دیسانەوە لە نوسینەکانییەوە ناتوانرێت پەی پێ ببرێت، شێواز و سروشتی قوڵی ئینسانی و پێشڕەوی ئەوە. هەلومەرجی ئاشکرای تێکۆشان لە کوردستان، وای کردبوو، کە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامان لە نزیکەوە مەنسور حیکمەت ببینن و بناسن. ئەو، کە هەموان تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنی ناوی مەنسور حیکمەت بۆ خۆی، هەر بە نێوی خۆمانەی نادر وەیان کاک نادر بانگیان دەکرد، گەلێک سادە و ساکار و پاک و یەکڕەنگ بوو. ئەو بە توندی ڕقی لە موجامەلە و بەگەورەگرتن و پیداهەڵگوتن و پلە و پایە بوو. لەگەڵ ئەو حەمکە لێهاتوویییە کەموێنەیەی، کە هەی بوو،

تۆزقاڵێک فیز و خۆبەزلزانین چییە، نەی بوو. خۆی لە بەرامبەر هەموو کەس بە یەکسان دەزانی و لەگەڵ هەموو کەس بە یەک جۆر ڕەفتاری دەکرد. گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، بە سانایی دەبووە دۆستی هەموان و گاڵتەی ئەکرد. لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا، ئاشکرا و ڕۆشن دەدوا و لە جێگاوڕێگایەکی تەواو بەرابەرەوە قسەکانی دەکرد. خۆی نە بە مامۆستای کەسێک دەزانی و نە بە باب و براگەورە. ڕێک هەر لەبەر ئەوە، موجامەلەی هیچ کەسێکی نەدەکرد، قسەی دەم و دڵی یەک بوو، لە وتوویژدا سازشکار نەبوو. لە وتوویژ لەگەڵیدا، یان قەناعەتی پێت دەکرد، وەیان قەناعەتی دەهێنا. لە فکری هەموان و نیگەرانی حاڵی هەموان بوو. هەر لە باری زیندەگی خەڵکی ئاواییەوە تا دانانی باخچەی ساوایان لە ئۆردوگا و بنکەکانی کۆمەڵە، تا وەزعی پۆشاک و تەندروستی پێشمەرگە و جێگاوڕێگای ژنان لە ڕێکخستنەکاندا، بیری لە هەموویان دەکردەوە و بۆ هەر مەسەلەیەک ڕێگەچارەیەکی هەبوو. ڕێزی ئەو بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ، بەشێک لە بوونی ئەو بوون. ئەمانە گشت لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی شەخسی ئەو بوون و لە هەڵوێست و تێڕوانینی سیاسی ئەودا بە ئاشکرا دەرئەکەوتن. سەرقاڵیی بنەڕەتی مەنسور حیکمەت، هەر لە دەسپێکی بنیاتنانی حیزبەوە، بەجەماوەریکردن و بەکرێکاریکردنی حیزب بوو. نووسراوەکانی ئەو لەم دەورەیەدا، وتارگەلی وەکوو، باسی ئاژیتاتۆر، کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری، سیاسەتی سازماندەیی ئێمە لەنێو کرێکاران و ئەندامێتیی کرێکاری، لەسەر میکانیزمەکانی ڕێکخستن و خەباتی ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری و پەیوەندییان بە حیزبەوە قسە دەکات. ئەم باسانە لە ڕاستیدا، پێشەکی و دەسپێکی باسگەلێکی قوڵ و هەمە لایەنەن، کە دواتر مەنسور حیکمەت بە نێوی "کۆمۆنیزمی کرێکاری"یەوە تەرحییان ئەکات. سەرئەنجام ئەمانە قوڵتر و فراوانتر ئەکاتەوە و بناغەی تیۆریی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری فەراهەم دەکەن.



## کۆمۆنیزمی کرێکاری و ناسیۆنالیزمی کورد

لە پێش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، نەک هەر ڕەخنەی قوڵی لە ناسیۆنالیزمی کورد نەبوو، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی نەریتگەلی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان کاری دەکرد. کۆمەڵەی پۆپۆلیست لە ڕاستیدا، باڵی چەپی بزووتنەوەیەک بوو، کە حیزبی دیموکرات باڵە ڕاستەکەی پێکدەهێنا. لە خەباتی چەکداری، لە پراتیکی سیاسی و هەڵسوڕان لە ناوچە ئازادەکان و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ گوندنشینەکان، لە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئایین و مەسەلەی ژێردەستەیی ژنان و تەنانەت لە پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکاندا، کۆمەڵە بە نەریتگەلی زۆر دواکەوتووی ناسیۆنالیستی ئالودە بوو. مەنسور حیکمەت هەر زوو، تەنانەت بەر لە دامەزراندنی حیزبیش، ڕەخنەگرێکی شێلگیری تەواوی ئەم دواکەوتووییانە بوو.

لەگەڵ دامەزراندنی حیزب، تێکۆشان لە دژی نەریتگەلی دواکەوتووانە و بە ڕەچەڵەک ناسیۆنالیستی لە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبدا دەست پێ دەکات. ناسیۆنالیزم هەنگاو بە هەنگاو لە پرۆپاگەندە، ڕەخنە لە ئایین و ڕەووشتی پاشکەوتوو، لە پەیوەند بە جیگا و ڕێگای ژنانەوە، کار لەنێو خەڵکی و ڕەخنەگرتن و ئاڵوگۆڕدان بە نەریتگەلی خەباتی پێشمەرگایەتی، پاشەکشەی پێ کرا. وەلێ ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزب، ناتوانێت ئەم ئاڵوگۆڕانە لە بزووتنەوەیەکدا، کە وەک باو بوو، وابەستەی ئەو بوو، تەحەمول بکات. پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستی کۆمەڵە بە لای ئەم حیزبەوە، لە ڕادە بەدەر توند و "سوکایەتی بە پیرۆزییەکان" دەهاتە ژماردن. پەرەسەندنی کۆمەڵەی کۆمۆنیست لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بە لای حیزبی دیموکراتەوە بە تەواوی جێگای مەترسی بوو. لە پاییزی ساڵی 1984دا، حیزبی دیموکرات لە ناوچەی هەورامان، هێرش دەباتە سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و جەنگی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات دەست پێ دەکات و زیاتر لە سێ ساڵ دەخایەنێت.

به لای ناسیۆنالیستەکانی نێو کۆمەڵەوە، ئەمە ململانێی نێوان دوو هێزی ڕەقیب لە جەرگەی بزووتنەوەی میللیدایە. وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە حیزبی دیموکرات ناتوانێت کۆمەڵە بە ناونیشانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست و پرۆپاگەندەکەری بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لەنێو خەڵکی تەحەمول بکات، مەنسور حیکمەت بە هەمان شێوە شرۆڤەی جەنگەکە دەکات. ئەو ئەم جەنگە بە ململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی کورد لەسەر مەسەلەی ئازادیی پرۆپاگەندە و هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی لێکدەداتەوە. لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێران، کۆمۆنیزمێکی ئاوەها ڕۆشن و ڕادیکاڵ دەرئەکەوێ، کە تەنانەت بۆرژوازی لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا، ناتوانێت تەحەمولی بکات. جەنگەکە، لە دوای سێ ساڵ و لە دوای ئەوەی، کە حیزبی دیموکرات بۆی دەرئەکەوێت، کە توانای شکستپێهێنانی کۆمەڵە و تەنانەت سنورداركردنی سیاسەتگەلی کۆمۆنیستی ئەوی نییە، بە داهێنانی مەنسور حیکمەت و لەسەر بنەمای گەڵاڵەی ئەو، بە شێوەیەکی یەکلایەنە، لە لایەن کۆمەڵەوە ڕاوەستا. ڕێکخراوی کوردستانی حیزب لە یەکەمین دەرگیری چەکداریش لەگەڵ بۆرژوازی ناوخۆیی، سەربڵند هاتە دەر.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە سیستەمی تیۆری مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا، ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم ناتوانێت لە چوارچێوەی تێڕوانین و سیاسەت و سەرئەنجام شێوەگەلی عەمەلی و شێوازی کار زیاتر تێپەڕێت. ئەگەرچی بەلای ڕابەریی کۆمەڵەوە، کە لە بنچینەدا بەهۆی بە بنبەستگەییشتنی دیدگای پۆپۆلیستی، لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ نزیک بووەوە، قبوڵکردنی ئەو ئەندازەیە لە ڕەخنەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ناسیۆنالیزم کارێکی سەختە و بە توندڕەو و زێدەڕۆیی دێتە ژماردن. وەلێ بە لای مەنسور حیکمەتەوە بە پێچەوانەوە، ئەم ڕەخنەیە، بە گوێرەی پێویست قوڵ و ڕادیکاڵ و هەمەلایەنە نییە. ئەو بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەم قوڵی و گشتگیرییە بۆ ڕەخنە و شیکردنەوەی مارکسیستی لە بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتی و لە نێوانیشیاندا ناسیۆنالیزم، دەگەڕێنێتەوە.



ئەو دەڵێت، جیاوازی و ململانێی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئامانج و ئاسۆ چینایەتییەکان جودایە و ڕەخنەگرتن لە ناسیۆنالیزم لەسەر تێڕوانین و سیاسەتەکان و تەنانەت نەریت و شێوەگەلی عەمەلی نییە. ناکرێت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بە مارکسیزم قانع بکەیت.

بێگومان گرایشی ناسیۆنالیستی کۆمەڵە، کە بە شێوەیەکی گشتی، مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و دامەزراندنی حیزبی بە بێدەنگی تەحەمول کردووە، بە هیچ جۆرێک خۆشیی بەم باسانە نایات. ناسیۆنالیزمی نێو کۆمەڵە، دێتە قسە و دەست بە بەرهەڵستی دەکات. مەنسور حیکمەت، کە لەو دەمەدا لەگەڵ ناوەندیی حیزب لە ئەوروپا بوو، بە شێوەی دەمی و بە نووسین تێڕوانینەکانی خۆی شی دەکاتەوە و بەنێو ڕێکخستنەکاندا بڵاویان دەکاتەوە.

بەشێک لە کادران و لە ڕابەرایەتی کۆمەڵە بە بێئوسوڵانەترین شێوە هێرش ئەکەنە سەر مەنسور حیکمەت و تێڕوانینەکانی. قسە و باسێکی توند و تیژ لەنێو ڕێکخستنەکاندا دێتە گۆڕێ. ئەگەرچی ناسیۆنالیستەکان کەمایەتی بوون، وەلی مەنسور حیکمەت، لەو شوێنەدا، کە گەرەکی نەبوو ئۆتۆریتە و جێگا و ڕێگای حیزبیی، هیچ ڕۆڵێک لە بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانیدا ببینن، لە کۆمیتەی جێبەجێکردن دەست دەکێشێتەوە و کانون (ناوەند) و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو حیزبدا پێکدەهێنێ. ئەو تێڕوانینەکانی خۆی بە دوور و درێژی دەنووسێتەوە و لە سیمینارە حیزبییەکاندا شرۆڤەیان دەکات. لە بەرامبەر ئەمانەدا، ناسیۆنالیستەکان تەقەلا ئەکەن، کە بە دواکەوتووترین شێوە، بەرهەڵستی ئەم تێڕوانینانە بکەن. زۆربەی هەرەزۆری ئەندامان و کادرانی حیزب بە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە پەیوەست دەبن و سەرئەنجام لە پلینیۆمی شازدەهەمی حیزب لە ساڵی 1989دا، ڕابەریی گرایشی ناسیۆنالیستی لە ناوەندیی کۆمەڵەدا، شکستی خۆی پەسەند دەکات و بە شێوەیەکی فەرمی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و پلینۆم بە تێکڕای دەنگ، مەنسور حیکمەت بۆ ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت.

مەسەلەکە لە ئاستی ڕێکخستندا، بە تەواوەتی بە قازانجی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەشکێتەوە. بەڵام مەنسور حیکمەت ئەیزانی، کە گرفتەکە لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەر لە شوێن خۆیەتی. ئەو دەیویست حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێکی ڕێکخراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت، وەیان بەو جۆرەی، کە خۆی دەیگوت، یەک حیزب یەک پێکهاتە بێت و دەیزانی، کە حیزبەکەی ئەو بەو جۆرە نییە. ناسیۆنالیزم، ملی خەواند و دووبارە بێدەنگ بوو، وەلێ درێژە بە ژیانی خۆی لەنێو حیزبدا دەدات. جەنگی کەنداو زەمینەی سەرلەنوێ بڵندبوونەوەی ناسیۆنالیزمی فەراهەم کردەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانیشی هێرش بۆ سەر عێراق دەهێنن و هێزەکانی ناسیۆنالیستی کوردیش ئەمە بە هەلێکی گونجاو دەزانن، تا لە ئەمریکا نزیک ببنەوە لە بەرامبەر سەدام. ناسیۆنالیستەکانی کۆمەڵەش بۆ نزیکبوونەوە لە هاوتا عێراقییەکانیان، دەکەونە جموجۆڵ و عەبدوڵای موهتەدی ئەندامی ناوەندیی حیزب، گەڵاڵەی بڕیارنامەیەک سەبارەت بە پاراستن و ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی کوردی عێراق و بە تایەکاری، یەکێتی نیشتمانی، بۆ مەکتەبی سیاسی دەهێنێت. مەنسور حیکمەت لە نوسینێکدا، بە ڕۆشنی ماهییەتی ناسیۆنالیستی دژەکۆمۆنیستی ئەم بڕیارنامەیە ڕیسوا دەکات و سەرلەنوێ مشتومڕی نێوان ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵان ئەم کەڕەتەیان لەسەر مەسەلەی جەنگی کەنداو، سەرهەڵئەداتەوە.
بەڵگەنامەکانی باسەکانی ئەم دەورەیە، کە بە شێوەی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی جەنگی کەنداو بە ئاشکرا بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەت ئەو نووسینە فراوانەی مەنسور حیکمەت بە نێوی "تەنها دوو هەنگاو بۆ دواوە"، تابلۆیەکی ڕۆشن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وتووێژەکان ئەخاتە پێش چاو، ئەمە سەرباری دروستی و توندوتۆڵی و هاوئاهەنگی تیۆریی هەڵوێستەکانی مەنسور حیکمەت، بە ڕۆشنی ژیری و تیژبینی سیاسی ئەو، هەروەها ئوسوڵ و پرانسیپگەلی باڵای ئەخلاقی ئەو لە وتووێژ و پلمیکی سیاسی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی لە حیزبدا نیشان ئەدات. لە ڕەوتی ئەم قسە و



باسانەدا، بۆ مەنسور حیکمەت دەرئەکەوێت، کە ئەو حیزبەی ئێستا، حیزبێکی یەکپارچەی کرێکاری نییە و لەئارادابوونی گرایشی بەهێزی ناسیۆنالیستی کورد تیایدا، سەرباری ملدانیان بە ئەو و بە ڕەوتی کۆمۆنیستی لە حیزبدا، یەک کۆسپی تەواوەتی لە ڕێگای یەکپارچەبوونی واقیعی حیزب لە دەوری ڕێبازی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەو لە هەمبەر ئەم پرسەدا، بڕیارێکی جەسورانە و بە تەواوەتی داهێنەرانە و بێوێنە ئەدات. ئەو لە حیزب، حیزبێک، کە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و کادران و ئەندامانی، تێڕوانینەکانی ئەویان قبوڵ بوو، وە ئەویان بە ڕابەری خۆیان دەناسی و تەنانەت بەرهەڵستکارانی ناسیۆنالیستیش لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پەیڕەوییان لەو دەکرد، دەست دەکێشێتەوە. ئایندە نیشانی ئەدات، کە ئەم دەستکێشانەوەیە لە حیزب، لە حاڵێکدا ئەو لە دۆخی بەهێزیدا بوو، کە هاوڕێیانی نزیکی ئەویش بە سەرسوڕمانەوە تێیان دەڕوانی و بۆیان شی نەدەکرایەوە، ئوسوڵیترین و کەمدەردیسەرترین ڕێگا، بۆ هاوئاهەنگی و پێشڕەوی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

## دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

بەدەستکێشانەوەی مەنسور حیکمەت لە حیزب، زۆرینەی ئەندامانی ڕابەری، ئەو کادر و ئەندامانەی، کە لایەنگری تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت بوون، دەست لە حیزب دەکێشنەوە و بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، کە مەنسور حیکمەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی کانونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بانگەوازی بۆ کرد، پەیوەست بوون.
مەنسور حیکمەت هەروەک بۆخۆی دەڵێت، تەنها قەڵەمەکەی و بەس، لە حیزبێک، کە ئەو ڕابەریتی دەبات و دەچێتە دەرەوە و ناو و ئیمکانیاتی حیزبی بۆ ئەوانە بەجێ هێشت، کە لە حیزبدا مانەوە. بەپێی هەرچی پێودانگ و پرانسیپی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆیی بێت، ئەوە مافی خەتی کۆمۆنیستییە، کە لە حیزبدا بمێنێتەوە و ڕەوتی ناسیۆنالیستی پاکسازی بکات. مەنسور حیکمەت لەم مافەی خۆی دەبورێ، تا هەر چەشنە قسە و

قسەڵۆک و کەڵکئاوەژوویەکی ناسیۆنالیستی کورد هەر لە سەرەتاوە خاڵی بکاتەوە. ئەو لە ماف و پرانسیپی ڕێکخراوەیی ئەولاتری دەبینی. ئەو دەیزانی، لە دنیای پاش یەکێتیی سۆڤێت و قوتبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکە و گشت جیهان، باڵادەستی تیۆری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزب و پشتیوانی زۆرایەتی لێی، بەس نییە. ئەو دەیزانی، کە لەژێر هێرشی کۆنەپەرستیی جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئاستێکدا نییە، کە بە بێ دانجیرکردنەوە و پێکدادان لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ناسیۆنالیستی نێو کۆمەڵە، کە لە ڕێکخراوێکی چەکداردا، دەشێت بەتێکهەڵچوونی چەکداری بگات. ناسیۆنالیزم لە ڕیزەکانی پاک بکاتەوە. ئەو بە سادەیی تەنها خۆی دەست لە حیزب دەکێشێتەوە و تەنانەت داوای لە لایەنگرانی خۆی نەکرد، کە دەست لە حیزب بکێشنەوە. لایەنگرانی تێڕوانینەکانی ئەو، بۆ پەیڕەویکردن لەو، خۆیان دانە دانە لە حیزب دەکشێنەوە و پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە دەکەن. ئەمە شارستانیترین و کەمدەردیسەرترین ڕێگای جوداکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ناسیۆنالیزمی کوردە. کادرانی ڕابەری، کە هەر لە حیزبی کۆمۆنیستدا مانەوە، بە مەنسور حیکمەتیان گوت، کە ئەوان درێژە بە ڕێبازی ئەو ئەدەن، ئەویش ئارەزووی سەرکەوتنی بۆیان خواست. ئاوەها جودابوونەوەیەک، لە دیرۆکی بزووتنەوەی چەپ و دیرۆکی حیزبەکان بە گشتی لە ئاستی جیهاندا، بێوێنەیە.

لە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش دامەزرا. نووسینەکانی مەنسور حیکمەت بەر لەوە بە ماوەیەکی زۆر، بۆ زمانی کوردی و عەرەبی وەرگێڕرابوون و لەنێو بزووتنەوەی چەپی عێراقدا نفوزی بۆ خۆی پەیدا کردبوو. سەدان کەس لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی چەپ لە کوردستانی عێراق بە مەبەستی خوێندنەوەی ئاساری حیکمەت، خۆیان فێری زمانی فارسی دەکەن. بە تایبەتی شیکردنەوەی مەنسور حیکمەت بۆ جەنگی کەنداو و هەڵوێستگیری ئەو لە بەرامبەر ئەم جەنگەدا،



لەنێو چەپی عێراقدا پێشوازی لێ کرا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەرهەم و سەرئەنجامی پێگەییشتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت لە کوردستانی عێراقە. ئەمە تاکە حیزبە، کە لە ناوچەکەدا، لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی پارتە ناسیۆنالیستە کوردییەکان، کە لە درێژەی جەنگی کەنداو لە کوردستانی عێراق دەسەڵاتیان کەوتە دەست، دەوەستنەوە و بەرانبەرکێ لەگەڵ نفوزی ئایین و ڕەوشتگەلی دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا دەکەن. مەنسور حیکمەت پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ڕابەرایەتی ئەم حیزبەدا دەبێت و ئەندامانێک لە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و ئێراق بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی هەردوک حیزب هەڵدەبژێردرێن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پاش دەورەیەک لە کێشمەکێشی سیاسی و تیۆری لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد دێتە دامەزراندن. لێ کۆمۆنیزمی کرێکاری ئانتی تێزی ناسیۆنالیزم نییە و گرنگیی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش لە باڵادەستی ئەو بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردا نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەرکێی تەواوەتی لەگەل ئەو کۆمۆنیستانەی، کە لە ئاستی جیهاندا هەن، هەبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، وە لە بنەڕەتەوە جۆرە بزووتنەوەیەکی دیکەیە. لە ڕاستیدا مەنسور حیکمەت نوێنەرایەتی کۆمۆنیزمی مارکس، جیاواز لە بزووتنەوەگەلی چینەکانی دیکە، کە ئەوانیش خۆیان بە مارکسەوە ئاوێزان کرووە، دەکات. ئەمە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ لەسەر ئاستی جیهانە.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری جیاواز لەو کۆمۆنیزمانەی، کە لە ئارادان

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر ئەم تێزە پایەییە بنیاتنراوە، کە کۆمۆنیزم سیستەمێکی تیۆریی پەتی، وەیان تەنانەت حیزب و تێکۆشانی حیزبی نییە. بەڵکە پێش هەر شتێک، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، بزووتنەوەی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەدارییە، کە سەربەخۆ و بەر لە مارکسیزم و خەباتی حیزبی لە کۆمەڵگادا هەبووە و بەردەوام هەیە. کۆمۆنیزمی

کرێکاری بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی تیۆرەکان، حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگەڕێتەوە و جیاوازییەکان و ناکۆکییەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە شی دەکاتەوە. بەم پێیە، بۆ نموونە، ئەوەی بە لای مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە بە لادان لە تیۆری، وەیان چاوخشاندنەوە بە مارکسیزم ناسراوە، لە دیدی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کاربردی مارکسیزمە، لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە. باس لەسەر بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتن لە تیۆری و جیاوازی تیۆری، لە کامپی مارکسیزمدا نییە، بەڵکە جیاوازی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تەواو لێکجوداکان و ئاسۆ و ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێکجودان. لە دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، کە لە یەکێک لە قوڵترین و کامڵترین نووسینەکانی مەنسور حیکمەت واتە، "جیاوازییەکانمان"، بە درێژی شی کراوەتەوە، ئەوەی وا باوە پێی بڵێن، لادان لە مارکسیزم، هەر لە ماویزم و کۆمۆنیزمی ڕوسییەوە بگرە، هەتا سۆسیال دیموکراسی و چەپی نوێ لە ئەوروپا، بە ناونیشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکان دەکەونە بەر ڕەخنە. پۆپۆلیزمی ئێرانییش نەک بە ناونیشانی لادان لە بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکە بە وێنەی بەشی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنال ڕیفۆرمیستی لە ئێران هەڵدەسەنگێنرێت. لە نووسراوەی "ئاناتۆمی لیبرالیزمی چەپ"، کە یەکێک لە شرۆڤەکارییە درەخشانەکانی مەنسور حیکمەت لە مەڕ شۆڕش و تیۆری مارکسیستیی شۆڕشە، تێڕوانینەکانی ڕێکخراوی "یەکێتی کۆمۆنیستی" بە ناونیشانی بەشی چەپی "بەرەی میللی ئێران" دەداتە بەر ڕەخنە. دواتریش بۆ هەڵسەنگاندنی هێزگەلی سیاسی لە ئێران، هەمان میتۆدی بەکاربرد. وەلێ کاربردی درەخشانی تیۆرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، شیکردنەوەی سۆڤێت و ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، کە بە شێوەی زنجیرە باسێک لە بۆڵتەنەکانی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێت لە ساڵەکانی 88_ 1986 بڵاوکراونەتەوە. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بۆ ئەم کێشە بنەڕەتییەی چەپی جیهانی، وەڵامێکی تیۆری پێ نەبوو، وە نەشی دەتوانی هەیبێت. لە ئاستی جیهانیشدا، ڕەوتگەلی ڕەخنەگر



لە سۆڤێت، بە ترۆتسکیزم، ماویزم و چەپی نوێوە، وەڵامێکی ڕۆشنیان بۆ ئەم مەسەلەیە پێ نەبوو. مەنسور حیکمەت لە باسە قوڵ و هەمە لایەنەکەی لە بۆڵتەنەکانی سۆڤێتدا، هۆکاری شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە دوا شیکردنەوەدا، شکستی بزووتنەوەی کرێکاری و بۆڵشەڤیکەکان لە لایەن ناسیۆنال ڕیفۆرمیستەکانی ڕووسیاوە، کە خوازیاری بەپیشەسازیکردنی ڕووسیا بوون، هەڵدەسەنگێنێ. ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ڕوس، کە بەهۆی پاشکەوتوویی سەرمایەداری ڕوسیاوە، ئەویش ناڕەزایەتی بەرامبەر بە تزاریزم هەبوو، سەرئەنجام لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستدا، دەتوانێت بەسەر بۆڵشەڤیزمدا زاڵ ببێت، حیزب و دەوڵەتی تازەپێکهاتووی پرۆلیتاریای ڕوسیا لە دەست بگرێ و لەژێر نێوی سۆسیالیزمدا، سەرمایەداری دەوڵەتی سازمان بدات. تێڕوانینەکانی مەنسور حیکمەت لە ڕەخنەگرتن لە سۆڤێت، ڕۆشنترین، هاوئاهەنگترین و قوڵترین ڕەخنەن، کە دەربارەی شیکردنەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سۆڤێت لە بزووتنەوەی چەپی جیهانیدا خراونەتە ڕوو. لەسەر بنەمای ئەم ڕەخنەیەیە، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دوای داڕوخانی سۆڤێت، دەتوانێت سەربڵند بوەستێ و بە ڕووی دنیای یەکجەمسەری دوای جەنگی سارد بوەستێتەوە. مەنسور حیکمەت بۆخۆی دەڵێت، کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم هەلومەرجەی ئێستادا، جگە لە کۆمۆنیزمی مارکس، چتێکی دیکە نییە. تیۆریسین و ئاڵاهەڵگرانی مارکسیزمی ئەم چەرخە، جیهانێک لە بەرامبەریاندایە، تا ڕەخنەی لێ بگرن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنن.

## بایەخ و جێوشوێنی جیهانیی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە درێژەی پلمیک و لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی مەنسور حیکمەت سەبارەت بە ڕۆشنکردنەوە و توێژینەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لە پاش دەسکێشانەوەی خۆیی و لایەنگرانیی تێڕوانینەکانی لە حیزبی کۆمۆنیست، لە پاییزی ساڵی 1991 دادەمەزرێت.

دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەڵامێکە بە پێداویستییەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری و پێویستی ئەم بزووتنەوەیە بە حیزبیبوون، بە جیا لەو کۆمۆنیست و حیزبە چەپانەی لە ئارادا بوون، کە لە واقیعدا نوێنەرایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان دەکرد. بار و دۆخ و ڕۆژگارێکیش، کە حیزبی تێدا بنیات دەنرێت، ڕەنگدانەوەی هەمان واقیعەتە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەلومەرجێکدا دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێت، کە لە ئاستی جیهاندا، حیزب و هێزە کۆمۆنیستییەکان لە حاڵی داڕوخاندان. چەپی ناکرێکاری لەگەڵ دیواری بەرلیندا داڕوخان و بۆرژوازی بە خەیاڵی خۆی جەژنی کۆتاییهاتنی مارکسیزم دەگێڕت! حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤێت، یان ئەوانەی ڕەخنەیان لێی هەبوو، یان دەتوێنەوە، وەیان ناو و نیشانی خۆیان دەگۆڕن، ئابوری بازاڕ و درندایەتی سەرمایەداری بێهاوتا دێتە مەیدان و هەر چەشنە ئایدیا و ئامانجێکی ئینسانی و بەرابەرخوازانە لەگەڵ پەیکەرەکەی لێنین بە زەویدا دەدرێن. لە ڕۆژگارێکی ئاوهادا، مەنسور حیکمەت حیزبێک پێکدەهێنێ، کە نەک هەر دەستی لە ئامانج و ئایدیای ئینسانی مارکس نەشت، بەڵکە بە ڕوونی و پوختەییەکی بێوێنە لە مێژووی چەپی هاوچەرخی جیهان، دروستی و ڕەوایی مارکسیزم نیشان دەدات و پاگوشارییان لەسەر دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەڵامی مەنسور حیکمەت بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بوو و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش وەڵامی ئەو بە هێرشی سەرمایەداری جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزم بوو.

لە ڕاستیدا ئەم هێرشە، دەمێک بەر لە ڕوخاندنی دیواری بەرلین لەگەڵ تاتچەریزم و ڕێگانیزم لە دەیەی هەشتاکان لە جیهاندا دەستی پێ کردووە. تاتچەریزم هێرش دەکاتە سەر هەر هێمایەکی ئینسانی، بەرابەریخوازی و ئازادیخوازی و لە جێگای ئەوانە، لە تێکڕای مەیدانەکاندا، لە سیاسەت و هونەر و فەرهەنگدا، وەحشیگەری بێپەردەی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد دادەنێت. گوایە بۆرژوازی ڕۆژئاوا تۆڵەی خۆی لە دنیای چەپی دەیەی شەست دەکاتەوە. ئەو کۆمۆنیزمانەی، کە لە ئارادا بوون، چەپی ڕوسی،



چینی، سۆسیال دیموکراسی، ترۆتسکیزم و چەپی نوێ، توانای بەربەرەکانێکردنی ئەم هێرشە فراوانە کۆنەپەرستانەیەیان نەبوو. لە ڕاستیدا، نامۆیی و نابەستەگی ئەم ڕەوتانە لەگەڵ کۆمۆنیزمی ئازادیبەخشی مارکس، خۆی بۆخۆی یەکێکە لەو فاکتەرانەی، کە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ڕاستترین و کۆنەپەرستانەترین باڵ و نوێنەرانی بۆرژوازی لە ڕۆژئاوا و لە ئاستی جیهاندا خۆش کرد. تاتچەریزم لەگەڵ خۆیدا هەرچی بۆگەناوی مێژوو هەیە، خستییە دەشت. ئایین، ناسیۆنالیزم، ڕاسیزم و قەومپەرستی پەرەدەسێنن و نەک تەنها هەر لە سیاسەتدا، بەڵکە لە بواری ڕۆشنبیری، هونەر و فەلسەفەشدا سایەی شومی خۆی دەخاتە سەریان. داڕوخانی سۆڤێت ئەم ڕەوەندی بەرەوپاشچوونە، پلەپلە خێرا دەکات و جیهانی یەکجەمسەریی پاش جەنگی سارد دەکاتە مەیدانی هێرشی بۆرژوازی سەرمەستی ڕۆژئاوا.

مەنسور حیکمەت بە قەڵەمەکەی، بە تێڕوانینی قوڵی ئینسانی و ڕادیکاڵ و بە حیزبەکەی، دەچێتە جەنگی ئەم دنیا تاریکەوە. نووسینەکانی ئەو لەو دەورەیەدا "دەرکەوتنی خوێناویی نەزمی نوێی جیهان"، بە ئینگلیزی نووسراوەتەوە و دەربارەی شیکردنەوەی جەنگی کەنداو و جێوشوێنی لە جێگیرکردنی سیستەمی نوێی جیهانە، زنجیرە وتارێک لە ئەنتەرناسیۆناڵ سەبارەت بە ڕەخنە لە دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی و سەرئەنجام توێژینەوە و هەڵوێستی ئەو لە مەڕ ڕووداوی 11ی سێپتامبەر و دنیای پاش 11ی سێپتامبەر، مانیفێست و دەعوانامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر دنیای ڕەشی پاش جەنگی سارده. مەنسور حیکمەت لە "جیاوازییەکانمان"دا ڕای دەگەیەنێت، کە کۆمۆنیزم دەبێ کۆتایی بە پلمیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و بڕوات لە ئاستی کۆمەڵگادا، شەڕی ئایدیا بۆرژواییەکان بکات. ئەو دەیگوت، دەبێت هەر بەو جۆرەی مارکس، بیرمەندانی بۆرژوازی بە ناکۆکییەکانی خۆیان وردوخاش بکەین. ئەو خۆی ئەمەی کرد. وتاری "دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستییەکان"، "میللەت، ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، لە نموونە درەخشانەکانی

ئەم جۆرە گەڕانەوەیە بۆ مارکس، لە مەیدانی خەباتی تیۆریدایە. وەلێ ئەمە تەنها دووبارەکردنەوە و زیندووکردنەوەی مارکس نییە، بەڵکە فراوانکردن و قوڵکردنەوەی ئەو، لە مامەڵە لە تەک پرسە هەمەجۆرەکانی دنیای کۆتایی چەرخی بیستەم و سەرەتای چەرخی بیستویەکە.

دواهەمین نوسراوەی مەنسور حیکمەت، ئەو وتارانەی بوو، کە دەربارەی 11ی سێپتامبەر لە چوار ژمارەی ئەنتەرناسیۆناڵ بڵاوکرایەوە، کە لەراستیدا، ئالای دنیای شارستانییەت لە هەمبەر هەردووک تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕۆژئاوایە. لە 11ی سێپتامبەردا، تیرۆریزمی ناتۆ و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیی دەستپەروەردەی خۆی، لە بەرامبەر یەکدیدا دەوەستنەوە. لە هەڵوێستگیری لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا، ئەوە تەنیا ڕێباز و هەڵوێستی مەنسور حیکمەتە، کە هەمیشە ڕەخنەگر و ڕیسواکەری نەزمی نوێی جیهانی لە لایەک و ڕەخنەگری شێلگیری ئیسلامی سیاسی لە لایەکی دیکە بووە، بتوانێت هاواری نارەزایەتی مرۆگەلێک بێت، کە لە نێوان مەنگەنەی ئەو دوو کۆنەپەرستییەدا گیریان خواردووە. بە بێ ئەم ئالای سێهەمە، دنیای دوای 11ی سێپتامبەر، تاریکتر دەبوو.

سەبارەت بەم تێڕوانین و نەبەردە تیۆرییەی، کە مەنسور حیکمەت ئالاکەی بڵند کردەوە، حیزبەکەی ئەو خەباتێکی عەمەلی بەرفراوانی لە ئاستی دنیادا بەڕێ کرد. هێزی کارای ئەم خەباتە، ڕێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەرەوەی وڵات و کەمپین و ئۆرگانە جیاوازەکانن، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای حیزبەوە لە گەلێک لە وڵاتان بەڕێوەچوو. بەرگریی لە مافەکانی ژنان و پەنابەران، بەرامبەرکێ لەگەڵ ڕاسیزم، بەرگری لە مافەکانی منداڵان لە جەرگەی ئەوروپای ڕۆژئاوا و لە بار و دۆخێکدا، کە دەوڵەتەکان هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر مافەسەرەتاییەکانی کۆچکردوان و پەنابەران دەست پێ کردووە، بەرامبەرکێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئایین لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا، بەرامبەرکێ لەگەڵ تێزی فەرهەنگی ڕێژەیی و



ڕیسواکردنی ماهییەتی دژە ئینسانی و کۆنەپەرستییەکەی و بە کورتییەکەی کردنەوەی مەیدانەکانی نەبەرد بە ڕووی گشت ئەو بوارانەی، کە نەزمی نوێی جیهان هێرشی کردووەتە سەر ماف و حورمەتی مرۆڤەکان، ئەمانە گشت، بەشێک لە تێکۆشانی بێووچانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارین. تێکۆشانێک بەم ڕەهەندانەوە، نەک تەنها هەر لە مێژووی چەپی ئێراندا، بەڵکە لە مێژووی چەپی جیهانیشدا بێوێنەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە هەر وڵاتێک، کە ئەندام و ڕێکخستنی هەیە، حیزبێکی کارا و دەخاڵەتگەر لە کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆیەتی. ئەمەش ڕێک لە بەرامبەر نەریتەکانی ئەو چەپەی، کە لە ئارادایە، چ لە ئێران و چ لە جیهان دەوەستێتەوە، کە ئەوپەڕی ڕادیکالیزمەکەی، خەبات لە دژی ڕژێم و دەوڵەتی وڵاتی خۆی لە تاراوگە بووە، وەکوو، خەباتی کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران لە سەردەمی شا، یان چەپەکانی ئافریقای باشور و ڕێکخراوی A. N. C. لە دژی ئاپارتاید، وەیان لە چەشنی شێوازکاری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئێران، تەنانەت سەرنگوونیخوازەکانیان، لە دەرەوەی وڵات. ئەمانە نەریتی کۆمۆنیزمی کرێکاری نین. کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت ڕەوتێکی دوورخراوەی وڵات نییە، کە تەنها هەر لە دژی دەوڵەتی خۆیی خەبات بکات. بەڵکوو بزووتنەوەیەکە، لە تێکڕای ڕەهەندەکانەوە، لە هەمبەر کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی دەوەستێتەوە و لە هەر جێگایەک، کە بۆی بکرێ، زیندەگی خەڵکی باشتر دەکات. کۆمۆنیزمی کرێکاری، تەنانەت لە ئۆپۆزیسیۆن و لە تاراوگەش، حیزبێکە، کە جێدەستی خۆی لەسەر کۆمەڵگا و زیندەگی خەڵک بەجێ دەهێڵێت. ئەمە سیمایەکی تاقانەیە، کە ڕابەرێکی تاقانە پێی بەخشیوە.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا

لە بەرامبەر ڕژێمی کۆماریی ئیسلامی و باڵەکانی و هێزەکانی لایەنگری لە ئۆپۆزیسیۆندا، مەنسور حیکمەت نوێنەر و ڕوخساری ئازادی و ڕزگاری بوو. ڕەخنەی قوڵ و تیژ و ڕیشەیی ئەو لە ئیسلامی سیاسی و کۆماری

ئیسلامی و باڵەکانی و شیکردنەوەی قوڵی ئەو سەبارەت بە ماهییەت و ڕۆڵ و جێگای هێزەکانی دووی خوردادی لە ئۆپۆزیسیۆن، نەک تەنها هەر ڕێگای خەبات بۆ حیزب و هەڵسوڕاوانی حیزبی ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵکە دەبێتە ئاڵا و جێگا ئومێدی هەموو ئەو مرۆڤانەی، کە دڵیان بۆ مرۆڤایەتی و ئازادی و ڕزگاری لێ ئەدات. نووسراوە سیاسییەکانی ئەو لەو دەمەدا، کە لە ئەنتەرناسیۆناڵ بڵاو دەبێتەوە، وتارەکانی وەکوو، "دوا قەیران"، خەونە تابۆکانی موجاهیدین"، حیجابگێتی ڕاهی کارگەر"، "مێژووی نەبەزیوان"، "ئال ئەحمەدە پلاستیکییەکان" و دەیان نووسراوەی دیکەی لەو بابەتە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تاکە تریبوونی سکۆلاریزم و مۆدێرنیزم و مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و بە ئاڵا و قسەبێژی واقیعی بزووتنەوەی سەرنگوونی، کە لە کۆمەڵگای ئێراندا شکڵی گرتووە، کردووە.

لە کۆنگرەی دووەمی حیزبدا، مەنسور حیکمەت باسگەلێکی تازە و پێشڕەوانە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حیزب و دەسەڵاتی سیاسی و جێگای حیزب لە کۆمەڵگادا ئەخاتە ڕوو. ئەو گەرەکی بوو، حیزب بۆ خەڵکی بکاتە شتێکی بەرجەستە و ناسراو و نزیکەدەست. گەرەکی بوو، کادران و ڕابەرانی حیزب بە ڕووخساری ناوداری سیاسەتی ئێران بکات. گەرەکی بوو، حیزب لەنێوەندی سیاسەتی ئێران و لە پێشەنگی بزووتنەوەی سەرنگوونی جێ بگرێت. ئەو لە وتارەکەی خۆی لە کۆنگرەی سێهەمدا دەڵێت، بۆ ئاڵوگۆڕدان بە زیندەگی بەشێکی فراوان لە خەڵکی و بە چەشنێکی پایەدار، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە دەست بگریت، وە تەواوی کۆششی ئەو لەم دەورەیەدا، ئامادەکردنی حیزب بۆ گەییشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بوو. باسەکانی ئەو لەم دەورەیەدا، دەربارەی "حیزب و کۆمەڵگا" و "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" زۆر داهێنەرانە و بێوێنە و ئاڵوگۆڕبەخش بوونە. کاری خولقێنەرانە و داهێنەرانەی مەنسور حیکمەت بێپایان بوو.

حیزب لەم دەورەیەدا، لە گەلێک مەیدانی جۆراوجۆرەوە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووە، کە نەخشەسازی و پیادەکاری ڕاستەوخۆی زۆربەی ئەوانە لە لایەن مەنسور حیکمەتەوە بوو. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ



هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆچەسپاندن لە دەرەوەی وڵات و لە لای دەوڵەتان بیروڕای گشتی ڕۆژئاوا، کە ترۆپکی ئەوانە، کەمپینی سەرکەوتووانەی حیزب لە دژی کۆنفرانسی دووی خوردادییەکان لە بەرلین، کەمپین لە دژی بەردبارانکردن، کەمپین لە دژی چارشێوی زۆرەملێ و ئاپارتایتی ڕەگەزی، کەمپین بۆ داکۆکی لە کرێکارانی نەوت، کەمپین بۆ ئازادی مەحمودی ساڵحی، کە یەکێک لە ڕابەرانی کرێکاریی سەقزە، لە زیندانی کۆماری ئیسلامی، کە سەرکەوتووانە بە کۆتایی گەییشت، ڕۆنانی ڕێکخراوی یەکەم منداڵان، ڕۆنانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیست، بەڕێخستنی کەمپینی گۆڕینی نووسینی فارسی و داهێنانی نووسینی ئەورۆفارسی، کە ڕاستەوخۆ پرۆژەی خودی مەنسور حیکمەتە. ئەمانە گۆشەیەک لە تێکۆشانی شێلگیر و هەمە لایەنەی حیزب و بزووتنەوەی مەنسور حیکمەت لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرستی و پاشکەوتوویی بە گشتی لە کۆمەڵگای ئێرانن.

ڕەخنەگرتن و پەردەلەڕووهەڵماڵینی شێلگیری خاتەمی و خەتی دووی خورداد هەر لە سەرەتاوە و بەرەنگاربوونەوەی پرۆپاگەندە و سیاسەتەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دووی خوردادی لە دەرەوەی وڵات، مەیدانی خەباتێکی بێوچانی حیزبە لەم دەمەدا. مەنسور حیکمەت لە بڕیارنامەی "هەڵبژاردنی خاتەمی و سەرهەڵدانی سەرلەنوێی ئۆپۆزیسیۆنی پرۆ ڕژێم" و زنجیرە وتاری "دوا پەردە"دا، سێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی سیاسەتی ئەمڕۆی ئێراندا دیاری دەکات. بزووتنەوەی پاشاییخواز وەیان ناسیۆنالیزمی ئێرانی پرۆ ڕۆژئاوا، بزووتنەوەی میللی ئایینی، کە لە دۆخی ئێستادا دووی خورداد نوێنەرایەتی ڕەوتی سەرەکی دەکات، دواییش بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی، کە لە ڕێگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا، جێگای کۆمەڵایەتی حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لەسەر بنەمای ڕەوتی کۆمەڵایەتییان و بزووتنەوەیەک، کە پێیانەوە ئاوێزانە، دەنرخێنێت. مەنسور حیکمەت لە توێژینەوەکەیدا، کە نموونەی بەرجەستە لە کاربردی تێڕوانینی کۆمۆنیزمی

کرێکاری له ڕەفتارکردن لەگەڵ بار و دۆخی سیاسیی هەنووکەیی له ئێرانه، نیشانی ئەدات، که ڕێکخراوگەل و کەسایەتییەکانی وەکوو، حیزبی توده، ئەکسەرییەت، بزووتنەوەی ئازادی، ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی، خاتەمی، سرووش، خەڵخاڵی و حەجەریان به یەک بزووتنەوه، ئاسۆ و ئامانجی سیاسییەوه پەیوەستن و به هەمان ناونیشانیش، دەبێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ و ڕیسوا بکرێن. گرنگی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەم چەشنه له حیزبەکان، له ناسین و هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی ئەولاتر دەچێت و تیشکێکی نوێ دەخاته سەر مێژووی 25 ساڵەی ئەم دواییەی ئێران و مێژووی حیزبەکان به گشتی و هێزه سیاسییەکان له ئێرانی هاوچەرخدا. نوسراوەی "دوا پەرده" و "مێژووی نەبەزیوەکان"ی مەنسور حیکمەت، که لەسەر هەمان بنەما نووسراونەتەوه، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و ڕۆشن له مەڕ ڕیزبەندییه سیاسییەکانی دوو دەیەی ئەم دواییەی ئێران بەدەستەوه ئەدات. بەبێ مەنسور حیکمەت و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، چەپ و مرۆڤدۆستی و ئازادیخوایی چەپ له سیاسەتی ئێراندا، نوێنەرایەتی نەدەکرا و مەیدانەکه به تەواوی دەکەوته دەستی پارێزەرانی ڕژێمی ئێستا وەیان هی پێشوو. حیزبەکەی مەنسور حیکمەت له ئەمڕۆدا، هێزێکی بنەڕەتی له مەیدانی سیاسەتی ئێران و له جوڵانەوەی سەرنگوونی کۆماری ئیسلامی پێکدەهێنێت.

## میراتی مەنسور حیکمەت

بەرهەمی 25 ساڵ هەڵسووڕانی بێووچانی مەنسور حیکمەت له مەیدانی تیۆری و هەروەها سازماندەیی و ڕابەری سیاسی بزووتنەوەیەک، که لەم تێڕوانینانەوه سەرچاوەی گرتووه، سەدەها وتار و نووسراوەی تیۆری، توێژینەوەی سیاسی، بڕیارنامەی تاکتیکی و نەخشەکاری ڕێکخراوەیی، بەرنامەی "یەک دنیای باشتر"، سەدەها گوتار و سیمینار، دەیەها دەزگا و ئۆرگان و سازمان و بڵاوکراوه له مەیدانه جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان، وه له سەرووی هەموویانەوه، هەردووک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری له ئێران و



ئێراقه. ئەم تێکۆشانه مەزنه سازماندراوه، که له ڕووی ڕەهەندەکان و بەرفراونیی مەیدانه عەمەلییەکانییەوه، هەروەها قوڵی و ڕۆشنی تیۆرییەوه، له مێژووی چەپی ئێران و دنیای هاوچەرخدا، بێوێنەیه. میراتی ئازیز و گرانبەهای ئەو، بۆ تەواوی تێکۆشەرانی ئازادی و ڕزگاریی ئینسانه.

ژیاننامەی ژووبین ڕازانی به کۆچی ناوادەی له 4ی تەموزی ساڵی 2002 به کۆتایی دەگات، وەلێ ژیانی مەنسور حیکمەت به کۆتایی نەگەییشتووه. سەرگوزەشتەی حیزب و بزووتنەوەکەی ئێمه، هەمیشه داستانی ژیانی مەنسور حیکمەت دەهێڵێتەوه. کاریگەری ئەو میراته مەزنەی، که ئەو بۆ ئێمەی بەجێهێشتووه، بەم دەورەیەی ئێمه و بەم نەوەیەی ئێمه ناوەستێتەوه. تا ئەو دەمەی، که هەژاری، چەوسانەوه، نادادوەری و نابەرابەری له دنیادا بوونی هەبێت، مەنسور حیکمەت و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، که ئەو ئاڵاکەی بەرز کردەوه، هەر دەمێنێ.

16ی تەموزی 2002

سەرچاوە:
منصور حكمت كە بود
حميد تقوائى

لەگەڵ وەرگێڕاوە عەرەبییەکەشدا بەراووردمان کردووە

من كان منصور حكمت؟
سيرة مختصرة لحياة منصور حكمت (زوبين رازانى)
حميد تقوائي
ترجمة: فارس محمود

❊

وەرگێڕانی:
سالار ڕەشید

2007 .07 .20